# کوردستانیان ڕای خۆیان سەبارەت بە پڕۆژەی پەمەیی دەردەبڕن

# چۆن ڕێگری لە هاتنی تورکیا بکەین ؟!

دوای ئەوەی ڕۆژی 13-11-2007 پڕۆژەیی پەمەیی ڕاگەیەندرا، کە لەئاکامی گفتوگۆیەکی بەرفراوان بۆ چۆنیەتی ڕێگریکردن لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی سەرانی تورکیا لە نێوان نوێنەرانی چەند لایەنێکی سیاسی و کۆمەڵگەی سڤیل و چەندین کەسایەتی سەربەخۆ لە شاری سلێمانی وەبەرهەم هاتووە، **ڕۆژی گەل** بەباشی دەزانی لە نزیکەوە ڕامانی خەڵک سەبارەت بەو پڕۆژەیە وەربگرێ، بۆ ئەم مەبەستەش پرسیاری لەچەند کەسێکی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان کرد، ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە :

**ئاسۆ بێکەس**، خوێندکاری زانستگە، گوتی: پڕۆژەی پەمەیی لە کارێکی هەروەزی دەچێ، ئەمەش باشە، بەڵام تا ئێستا دیار نیە کە ئەوانە دەیانەوێ چی بکەن؟! ئایا ئەگەر سوپای تورکیا لەشکرکێشی بۆ خاکی هەرێمی کوردستان کرد، ئەوان ڕێپێوانی بەرفراوانی جەماوەی بەڕێوە دەبەن و بە گوڵی پەمەیی لەدژیاندا ڕادەوەستن یان چەک هەڵدەگرن و شەڕ دەکەن؟! ئاخر کاتێ شەڕ یەخەت بگرێ، تۆ دەتوانی بە ڕوویەوە پێبکەنی؟! یان تۆش ناچار دەبیت بە توندی وەڵامی بدەیتەوە؟! من پێموایە کە مست لە درێشە دەگەڕێتەوە، دەبێ هەمووومان خۆمان بۆ بەرگری و بەرخۆدان ئامادە بکەین.



**جەمال.ش**، دوکاندار، بە تووڕەییەوە گوتی: کاکە وازمان لێبێنن، پڕۆژەی پەمەیی چی؟! ئاخر ئەوە دەستەڵاتداران ناهێڵن ڕێپێوان بکرێ، ئەوسا نۆرەی پڕۆژەی پەمەییە؟! ئەگەر ژێربەژێر ڕێککەوتن لەگەڵ حزبەکان نەکرابێت هەرگیز تورکیا جوئەتی ئەوە ناکات هێرش بکاتە سەر کوردستان! بڕوا بکەن سوپای تورکیا لەئێمە باشتر شارەزای کوردستانە، دەیان جاری دیکە هاتووەو چاوساغیشی کراوە، خوابکات ئەمجارەیان چاوساغییان نەکرێت، ئیتر با بزانین چۆن دێن؟!

**سەرکەوت باپیر**، کرێکاری کەرتی تایبەت، دیار بوو زۆر ڕقی لە تورکیا دەبۆوە، گوتی: تورک دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردە، ئەو بەبیانۆی پەکەکەوە دەیەوێ بێت و هەرێمی کوردستان داگیر بکات! تورک چاویان بە دەستکەوتەکانی کورد هەڵنایەت، ئەگەر دەستیان بڕوات و ئەمریکا چرای سەوزی بۆ هەڵبکات، بەبێ ڕاوەستان دێن و هەولێر داگیر دەکەن و حکومەتی هەرێم دەڕووخێنن، بۆیە دەبێ ئێمە هەموومان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان دابین و چەک هەڵبگرین و دژی سوپای تورکیا شەڕ بکەین، برادەرانی پڕۆژەیی پەمەیی با خۆڵ لەچاوی خەڵک نەکەن، تورک بە پاڕانەوە وازمان لێناهێنێ، دەبێ ئەوانیش بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن تورکیا بشکێنین و بە دۆڕاوی ڕەوانەی ئەستانەی بکەینەوە.

**شەوبۆ کەمال**، مامۆستای سەرەتایی، بە سەرسوڕمانەوە لەجیاتی وەڵامدانەوە، پرسی: پڕۆژەی پەمەیی چیە؟! ئەمە زیاتر لە کاری هونەری دەچێ نەک سیاسی! وەڵا من نەمبیستووە، بۆیە نازانم چیەو دەیەوێ چی بکات!!

**عادل هەولێری**، شۆفێری تاکسی، نەک هەر ئامادە نەبوو وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵکو گوتی: کاکە گیان هەر کارێک لەم وڵاتەدا ئەگەر پارتی و یەکێتی لەگەڵ دانەبێ، سەرناگرێ، ئاخر ئەوان دەستیان بەسەر هەموو کوردستان داگرتووە، هەرچی موڵک و سامان و هێزی ئەم کوردستانە هی ئەوانە، ئەگەر ئەوانی لەگەڵ دابێ، شتێکی باشە، ئەگەرنا فشەیە و خۆتانی پێوە ماندی مەکەن!!

**هەتاو ڕواندوزی**، ئامادەنەبوو پیشەی خۆی ئاشکرا بکات، بەڵام پێدەچوو زانیاری زۆری لەسەر ڕووداوەکان هەبێ، گوتی: پڕۆژەی پەمەیی سەرکەوتوو نابێ، بەڵام ئەگەر هەماهەنگکارانی پڕۆژەی پەمەیی و خەڵکی کوردستان بیانەوێ ، دەتوانرێ زۆر بە ئاسانی ڕێگری لە هاتنی تورکیا بکرێ و بەرپەرچ بدرێتەوە، باشترین شت ئەوەیە کە ئێمەی کوردستانی چیتر کەلوپەلی تورکی نەکڕین، ئەگەر هەموومان لەگەڵ ویژدانی خۆمان ڕاستگۆبین و خۆمان بە نیشتمانپەروەر دابنێین باشترین چەک بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی تورکیا ئەوەیە کە کڕینی بەرهەمە تورکیەکان بلۆک بکەین، بچین بەرهەمی وڵاتانی دیکە بکڕین هەتا ئەگەر گرانتریش بن. بەس هەتا بەرپرسەکان ئاوی حەیات لەسەر مێزەکانیان دابنێن و شتەکانی کۆمپانیای ئیستکبال بکڕن، پاقلاوەی ئەستەمبوڵ هیچ بەهیچ ناکرێ!!

**کەریم یاسین**، خانەنشین، دیاربوو لە نزیکەوە ئاگای لە پڕۆژەی پەمەیی هەبوو، گوتی: من بەشبەحاڵی خۆم زۆر پێمباشە، چونکە سەرەتای بەیەکەوەکارکردنە، هەرهیچ نەبێ ئەو گروپ و لایەنانە لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، وا دەکەن ئاگایان لە هەڵوێست و بۆچوونی یەکتر هەبێت، خوا نەیبڕێ ماوەیەکە پەیوەندی لایەنەکان زۆر کز بووە، ئەگەر ڕووداوێکی ئاوا بێتەپێشەوە ، دەنا هەر سەردانی یەکتریش ناکەن، ئەمەش بە زیان بۆ گەلی کوردستان تەواو دەبێ، من دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوانە دەکەم، هیوادارم گفتوگۆی چڕوپڕ سەبارەت بە گۆڕانکاری و ڕووداوەکان بکرێ.

**سازدانی: ڕەوەزو هەرێم**

## چەند بڕگەیەک لە یەکەمین ڕاگەیەندراوی پڕۆژی پەمەیی

دوابەدوای گفتوگۆیەکی فراوان لەلایەن و نوێنەرانی پارتە سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و چەندین کەسایەتی سەربەخۆوە دوای دەردەشەکردنێکی زۆر پڕۆژەی پەمەی بەم ئاکامە گەیشتن.

1-هەماهەنگیەکی جەماوەری و ڕێخراوای و حیزبی بونیاد بنرێت بۆ ئیدانە کردنی شەر، ئەوەی لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکە بە گشتی .

2-گرتنەبەر و هەڵبژاردنی میتۆدی دیالۆگ و گفتوگۆکردن بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەو ئاڵۆزیەکان لە نێوان لایەنەکانی هۆکار لە خولقاندن ورسکاندنی ئەو تەنگژەو ئاڵۆزیانە، وەکو ئەڵتەرناتیفێک لە هەڵبژاردنی کردار نەک پەرچەکردار و هەڵچونی عەسکەری و سیاسی.

3-پڕۆژەی پەمەی لە حکومەتی تورکیا دەخوازێت کە مل بدات بە دانپێدانان بە مافە سیاسی و مافە مادەنیەکانی خەڵکی کوردستان لە(باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا)وە چارەسەرکردنی دەستوریانەی دۆزی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵتی تورکیادا.

**هەماهەنگ کارانی پڕۆژەی پەمەیی**

- کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/سلێمانی
- یەکێتی ئافرەتانی پارێزگارانی کوردستان/ سلێمانی
- ئەنجومەنی عێراق بۆ ئاشتی و هاوکاری/ سلێمانی
- فیدراسیۆنی ڕێخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی/سلێمانی
- کۆمەڵەی داکۆکی لە داخوازیەکانی خەڵک/سلێمانی
- سەنتەری ڕۆشنبیری هیوای نوێ/سلێمانی
- سەنتەری ڕۆشنبیری هەناسە/سلێمانی
- لقی سلێمانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ڕێکخراوی مامۆستایانی زەحمەتکێشانی کوردستان/ سلێمانی
- ڕێکخراوی بونیاد بۆ پەرەپێدانی توانای لاوان
-ر ابوونی خوێنکار و لاوانی کوردستان/سلێمانی
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان عێراق/سلێمانی
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان/سلێمانی
- یەکێتی خوێندکارانی پارێزگارانی کوردستان/سلێمانی
- کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشین/ سلێمانی
- سەندیکای کرێکارانی بیناسازی/سلێمانی
-مەکتەبی ڕێکخراوە جەماوەریەکان/لقی 4ی پ.د.ک
-مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن _لقی 4ی پ.د.ک
- کۆمەڵێک کەسایەتی سەربەخۆی شاری سلێمانی
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/سلێمانی
- حیزبی شوعی کوردستان/سلێمانی
- حیزبی ڕزگاریی کوردستان/ سلێمانی
- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان/ سلێمانی
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان/سلێمانی
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان/سلێمانی
- پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان/سلێمانی
-پارتی چەپی کوردستان/سلێمانی
-ڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکانی کوردستان/ سلێمانی
- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران/سلێمانی
- پارتی پارێزگارانی کوردستان/سلێمانی

**پرۆژەی پەمەیی بە هاماهەنگکاری ڕێکخراو، پارت و ئازادیخوازانی کوردستان**

**هەرێمی کوردستان-شاری سلێمانی** 2007/11/13

## گەنجان و سەرکێشیەکانی لێخورینی ئوتومبێل

گەنجان بەگشتی و لاوانی کوردستان بەتایبەتی حەزیان لەوەیە کە ئازادانە ئۆتۆمبێل لێبخوڕن، بەهۆی ئەم ئارەزووەوە بەردەوام لەلایەن گەورەکانەوە بەوە تاوانبار دەکرێن کە بەشێوەیەکی خێرا و دوور لە شارستانیەت ئوتومبێلەکانیان لێدەخورن و سەرکێشی دەنوێنن و دەبنە هۆی دروست کردنی دڵەراوکێ لای خەڵکی و زەرەری مادی و گیانی خۆیانی تێدایە، بەمەش کارەساتی جۆراوجۆر دەقەومێ، هەندێک بۆ سەرپێچی کردنی ڕێنمایەکانی هاتوچۆی دەگێڕنەوە و دەڵێن ڕێنمایەکان لە خزمەتی خەڵک و شۆفێران دان، بەڵام گەنجان بایەخ بە ڕێنماییەکان نادەن، فەرامۆشیان دەکەن، هەندێکی دیکە هەندێکی دیکە پێیانوایە لاملیکردن و لەخۆبایبوونی شۆفێرە لاوەکان سەرچاوەی کارەستایەکانی هاتوچۆیە، بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان بەدواداچوونێکمان ئەنجام دا، کاک **دیار محەمەد** کە گەنجێکی تەمەن 23 ساڵە و دانیشتوی شاری سلێمانیە سەبارەت بەو بابەتە گوتی"من تا ئێستا 2 جار دەعمم کردوە، بەڵام لەخوا بەزیادبێت سەلامەت دەرچووم، تەنیا زەرەرێکی مادیم کردوە، ئۆتۆمبێلەکم تێکشکاوە کە بەرای خۆم دەگەرێتەوە بۆ خراپی جادەکان و قەرەباڵغی شەقامەکان و زۆربوونی ئوتومبێل، بەڵام هەندێ جاریش هەڵەکە لەلایەن شۆفێرەکانەوەیە کە بەخێرایەکی بێ سنور لێدەخورن وگوێ بەسەلامەتی گیانیان نادەن"

گەنجان و لاوان ئێستا زیاتر لە جاران ئوتومبێلیان پێیەو کە ئوتومبێل لێدەخورن هەوڵی پێشبرکێ کردن دەدەن بە تایبەتی لە کاتی بۆنە و یادەکەندا وەک ئاهەنگی بوک وزاوا و سەیرانەکان کە زۆربەی روداوەکانی هاتوچۆ لەو کاتانەدا رودەدات، سەبارەت بەمەش **کەمال ئیبراهیم** کە شۆفێری پاسە، وتی"من پێشبرکێم کردوە لە بۆنەکاندا لەگەڵ کەسانی تر کە حەزیان لەو کارەیە هەرچەندە من حەزم لەو کارە نەبووە، بەڵام من کەوتومەتە کێبەرکێوە و کردومە، بەڵام ئێستا من پەشیمانم چونکە بە ڕاستی گیانی خۆم و خەڵکیم خستۆتە مەترسیەوە بۆیە هیوادارم کەس کاری وا نەکات و کە مەترسی بۆسەر گیانی هاوڵاتیان دروست بکات لە هەموو کات و شوێنێکدا"

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی کە بە شێوەیەکی باش کارمەندی هاتوچۆیان داناوە لە شوێنی خۆیان و بە شێوەیەکی جوان کارەکانیان ڕادەپەڕێن، بەڵام ناهۆشیاری و کەمتەرخەمی گەنجان و لاوان ئەوەندەی تر بارودۆخەکەیان و کارەکانی کارمەندانی هاتو چۆیان قورس کردووە، هەندێ لەو گەنجانە لەبەر نزمی ئاستی ڕۆشنبیریان و کەمی ئاستی هۆشیاریان لە ڕێگەو بانەکان دا بە خێرای لێدەخورن، زۆر جار لە شەقامەکان پێشبرکێ لەگەڵ یەکتری دەکەن. شەفیق عەبدولکەریم تەمەن30ساڵ گوتی" من زۆر لەوانە دەترسم کە بەخێرایی ئۆتۆمبێل لێدەخورن، بە تایبەتی گەنجان و لاوان بەبێ هەست کردن بە گیانی لێپرسراوێتی بەرامبەر بە کەسانی تر لەسەر شەقامەکاندا بە خێرایی دەرۆن کە نازانن هەر کەسێک بە لانی کەمەوە مافی ئەوەی هەیە کە بەبێ مەترسی بەسەر شەقامەکاندا بپەڕێتەوە و تووشی هیچ نەبن". هەر سەبارەت بەمە **پەروین تۆفیق** 25 ساڵ کە ولاتیێکی تر بوو گوتی"من کە لەسەر شەقامەکان دەپەرمەوە بە تەمای خۆم نین، چونکە ئێستا زۆربەی شۆفێرەکان بە خێرایەکی زۆر لێدەخورن و زۆربەیان گەنجن، گوێ بە ڕێنمایەکانی هاتوچۆ نادەن، بۆیە کارەسات دەنێنەوە". **کارزان سابیر** کە گەنجێکی تر بوو سەبارەت بەو کێشانە گوتی"ڕاستە ئێمە گەنجین و لەوانەیە هەندێکمان بە خێرایی ئۆتۆمبێل لێبخورین بەڵام مانای ئەوە نییە هەموو گەنگێک بە خێرایی ئۆتۆمبێل لێ بخورێت، چونکە من یەکێکم لەو گەنجانەی کە چەندین جار دعمم کردوە و ئوتومبێلەکەم زیانێکی زۆری لێ کەوتوە کە زیاتر ئیشی خراپی ڕێگاوبانە و کە بۆتە هۆی زەرەری زۆر گەورە". ئەوەی جێگەی سەرنج دانە دوای ساڵی 2003وە هاتنی ئوتومبێل بۆ کوردستان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بووە، جادە و بانەکان و شەقامەکان توانای ئەوەی نییە ئەو هەموو ئوتومبێلانە لە خۆ بگرێت و چەندین کارەساتی دڵ تەزێن رودەدەن و هەروەها یاساکانی هاتوچۆ و ڕێنمایەکانی هاتوچۆ و ئەو سیستەمەی هاتوچۆیەی لێرە هەیە بەو ڕادەیە پێشکەوتوو نییە کە بەر لە رودان و کەمکردنەوەی روداوی هاتوچۆ بگرن ، هەرچەندە شێوازی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەمە لایەنی سەرەکی و تەنیا لایەن نییە بۆ چاککردنی سیستەمی هاتوچۆ لە وڵاتدا و کەمکردنەوەی کارەساتی دڵتەزێن.



لەژێر پێنانی یاساکانی هاتوچۆ، لەبەرچاونەگرتنی ڕێنماییەکان ونەبوونی تابلۆی پێویست بۆ دیاریکردنی خێرایی، سوڕانەوەی کاتی، ئاماژەکردن بە گرفتەکانی جادە و شەقامەکان کاریگەری خۆیان هەیە، زۆربەی جارەکان نەبوونی تابلۆی دیاریکردنی خێرایی شۆفێرە لاوەکە هان دەدات تا زیاتر پێ لەبەنزین بنێ و خێراتر لێ بخوڕێ، هەندێجاریش گرفتی ترافیک و بازگەی ناوەخت وا دەکەن کە مرۆڤ لەکاتی خۆی دا نەگاتە شوێنی مەبەست، بەوهۆیەوە دەیەوێ بە خێرایی پڕی بکاتەوە، واتە ئەو ماوەیەی کە گرفتی ترافیک یان بازگە بۆی دروست کردووە ئەو لە خێرا لێخوڕین دا قەرەبووی بکاتەوە. کەواتە هەموومان لەو کارەساتانە بەرپرسیارین.

**ئامادەکردنی : ئارام حوسێن**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com